شانۆیی

# چیای ئاو

نوسینی :

صلاح جلال

2007

PDF4Kurd



www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

گڤەی با .. هاژەی ئاو .. قرچەی ئاگر تێکەلاو دەبن .. قیژە و دەنگێکی دەزولـەیی .. زەرادەشت دەقیژێنێ :

زەرادەشت : ستەمە ئەم خەونە کۆتاییـەم .. لـەم تـاریکیـەدا دەبێـت مـرۆڤ بـیر لە پێشـهاتی ئـەم رۆژگارە سفرە بکاتەوە ؟! ( لەتاریکیەکەدا نوقم دەبێت ) راستیەکان بزر بون .. ئۆف ..ئۆف

( بێدەنگی شڵەژان )

ناو و ناوەرۆك و شێوە و ڕوخسار بەدەم رۆحە ئەبەدییەکانەوە شۆراوەنەتەوە

( بروسکە بەناو تاشە بەردەکانـدا دێـت .. پێچـی هـەردو ڕوی ئەشکەوتەکە ئاشکرا دەکـات .. زەرادەشت مشتێك ئاو لەجۆگەکەدا هەڵدەپژێنێ و لەئاگرەکە نزیك دەکەوێتەوە ).

ئای ئـاگرە مەزنەکـە .. ئێسـتا پـەیامی مێژویـەکی سـفرم پێیـە .. دەمـەوێت پرسـیاری راسـتیە ئەزەلیەکانت لێ بکەم .. تۆ ئەو چەکە کوشندەیەیت .. کە خواوەند مرۆڤایەتیت پێ دەترسـێنێ .. تۆ تەرازوی دادی خواوەندیت ؟!..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

ئێستـاش لەگڕو بڵێسەتەوە نوسـراوە خواوەندیـەکان دیـاری دەدات .. پێدەچێت تـاریکاییـەکانی مێشکم ڕوناك بکەیتەوە؟!

(هاوار .. دەنگ .. ڕوخساری ون .. سەما )

دەبێت لەم دەزولەیەوە رایەڵی تەونە ئەفسانەییەکانی ئەم جیهانەم چاوپێ بکەوێت؟!

( بێدەنگی .. هەناسەدان .. خامۆشی )

ئای چەند ترسناکە مرۆڤ هەست بەو ڕاستیانە نەکات کە جیهان فراژی کۆتـاییان پێدەکات ..

( چلۆسـکێك بەدەسـتەوە دەگرێـت .. چـەند زنجیرێکـی ئاسـن دێتـە بەرچـاوی .. دەنگـە خەیاڵییەکانیش لەناو هاژەی ئەشکەوتەکەوە دێنەوە بەرگوێی )

لێرەوە سەرەتای بونی جیهان دەست پێ دەکات .

( دەنگ .. هاوار .. زەنگ )

دەنگ : پەیامی نەزانراوی ژیان لەم جێگایەوە سەرچاوە دەگرن .. بـەخوێنی مرۆڤایەتیدا بـڵاو دەبنەوە .

( زەرادەشت سەری بەتاشە بەردەکاندا دەکێشێ .. وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ بەرچاوی دەگرن )

زەرادەشت : ستەمە ڕزگار بون .. خواوەند من پەیامنێری ئەم ڕۆژگارەم .. پێدەچێت شیرازەی ژیـان لەدەستی منەوە بەربوبێت ئۆف ؟!

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

شك نابەم جارێکی تر چاوم بەڕوخساری مرۆڤایەتی بکەوێتەوە!!

( بێدەنگی .. هەنگاونان .. وێنە .. دەنگ )

دەنگ : دەبێت گەرداوە سەختەکانی ئەم ژیانە سەریان لێ چەواشە کردبێتـی ؟! بڕوانـە لاشـەت وێنەی دێر زەمانی کۆنی پێوە دیارە ؟..

( هەناسەدان .. هەنگاو .. بیرکردنەوە )

ئەو گەڕانەم بۆ ڕاستی پەخشکردنەوەی پەیامە خواوەندییەکان بو ..

( بێدەنگی .. خولانەوە .. تورەیی ) ئەنجامیش ئەوەیە ژیان تەنها کە لە پچەیە .. زنجیرە

( زنجیرەکان دێنە بەرچاوی بەسەریدا شۆڕ دەبنەوە )

لەوەدام هەر چوار پەلم بەزنجیر ببەسترێتەوە..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

ژیان بەندیخانەی کۆتاییە . لەهەمو لایەکەوە تەنیا ئەڵقەڕیزو دەرگای کڵۆمە ..

( دەنگ .. وێنە .. هاوار )

دەنگ : سەیربکە .. تۆ پەیام نێرێکی ئەم سەردەمەیت .. فەرمو زنجیرە ئاسنینەکان لـەزمانمان بترازێنە ؟!..

( دەنگ .. ڤیژە .. سەرسامی .. وێنە )

زەرادەشت : زنجیر .. زنجیر ..

(بێدەنگی .. سەما .. توڕەیی )

پێدەچێت ئێستا منیش زمان و گوێچکەو هەست و نەستم زنجیر کرابێت ؟!

(بێدەنگی .. لەخۆڕامان )

تەنانەت چاویشم .. ئەویش قفڵە ..

( سەما و هاوار )

نابینام .. ناتوانم هیچ وێنەیەك ببینم .. ئای لەم ڕێچکە سامناکە .. ئێستا هەستدەکەم کەوتبێتمە ناو گەردەلول و باو بۆرانەوە ؟.

(بێدەنگی .. وێنە .. دەنگ .. توڕەیی )

ئۆف هەزاران زنجیر ئەڵقەیان بەستوە ..

( پە نجە درێژ دەکات ) لەشم قورس بوە .. ئۆف هەمو لەشم زنجیر دەکرێت ..

( بێدەنگی .. سەرسامی .. توڕەیی )

گڤەش پیانۆیەکی کوشتارکەر بەخوێنەکەمدا دێنێت ..

( بێدەنگی .. سەرسامی )

ئێرە ڕەمزی شتنەوەی تەمەن و ناو و مێژو ڕۆژگار و هەوا و ئاگر و ناسنامەی مرۆڤایەتییە ..

( دەنگ .. هاوار .. دودڵی )

خوایە پەیامە ئەزەلییەکان بزر دەبن ..

( هاوار .. هیستیریا .. ڕاکردن )

ئەم پێچە ڕزگارم دەکات .. پێدەچێت دانەخرا بێت و پاسەوانی نەبێت ؟!

(دەنگ .. زنجیرە .. زەنگ )

دەنگی1 : تۆ لەم بەندینخانەیەدا بەند کراوی فەرمانی خواوەندە ... نابێت بچیتە دەرەوە ..

دەنگی 2 : دادگای ئەو تەمەنە درێژەتە کە لەناو مرۆڤایەتیدا کردوتە ...

( سەرسامی .. زەنگ .. زنجیرە .. وێنە )

دەنگی 3 : قسە بکە باسی تاوان و ڕاستیەکانی خۆت بکە ..

( بێدەنگی .. سەرسامی )

زەرادەشت : چاوم کەوتۆتە سەر ئاو بەم تەمەنە بزرەوە گێژ بوم ..


www.pertwk.com

ئای.. ئای.. ڕزگارم بکەن

( شالأویك بەلەشیدا دێت پاشەو پاش دەگەڕێتەوە .. دەکەوێتە ناو خۆڵەمێشی ئاگرەکە )

ئاگر .. ئاگر .. تۆ بەرپرسیاری منیت .. دەتوانیت لەم شالأوە ڕزگارم بکەیت ؟! دورنییە خواوەند بۆ هاوکاری من دای نەنابێت ؟

( دەنگ .. وێنە .. تێکەلأوی )

دەنگ : پێدەچێت ئاگر بۆ دادگات هەلگیرسابێ هەتا وێنەی خۆتی تیا ببینێتەوەو فەرمانی سزا بەسەر خۆتا بدەیت ؟..

( هاوار )

دەبێت بەو ترساندنە پەیامەکەت بدۆزیتەوە ؟..

( خولانەوە ... شێتێتی .. ڕاکردن )

زەرادەشت : دەرگای دوەم : تۆ کەوتویتە دەستە ڕاستەوە .. مانای دادوەریت .. ڕزگارم بکە ؟.

( پاڕانەوە .. بێدەنگی .. هەناسەدان )

ئەو تونێلەی کە ڕاڕەوی جیهانت لێوە دەردەکەوێت .. بێشك لەلای تۆوە شیرازەی زەوی دێتەوە سەر خۆی .. ڕێگام بدە بە ژێرتا بچمە ئەو دیوەوە ..

( زنجیر .. وێنە .. بروسکە .. هاوار .. دەنگ )

دەنگی 1 : بڕۆرە دواوە .. بڕۆ .. هەمو لەشت دەسوتێت ..

(شالأو .. هاوار .. سەرسامی .. پارانەوە )

دەنگی 2 : ئێمە پاسەوانی ئەم پانتاییەین .. فریشتەی خواوەندین .. تەنیا پاسەوانی تۆ دەکەین ..

( زەنگ .. تێك چرژانی وێنە )

دەنگی 3 : دەبێت فەرمانەکانی خواوەند بەجێ نەهێنیت و دەرباز ببیت ؟!

( بێدەنگی .. هەناسەدان .. سەرسامی )

بگەڕێرەوە دواوە .. بچۆ بیر لە پەیامەکەت بکەرەوە ..

( زنجیر بەلاشەیدا شۆڕ دەبێتەوە .. دەستی ڕاستی بەرز دەکاتەوە و دێتە دواوە ..

زەرادەشت : ئەمڕۆ ڕۆژگار گەیشتۆتە ئەوەی دو نێر و مێی نێرەموك جوت ببێت ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

بەڵێ بۆ ئەوەی لەزەت لەژیاندا نەمێنێ و لەم ڕۆژگارە سەختەدا وێنە بتوێتەوە ..

( وێنە .. تێکەلاوی .. زەنگ )

وێنەی 1 : گەورەم پێ دەچێت تۆ فریشتەیەکی نورانی بیت و ئێمەش لێرەدا دیلی هەتایی ئەم ڕۆژگارە سەختە بوبێتین ؟!

( کەلەپچە .. زنجیر .. وێنە .. هاوار )

بزانە ئەم کەلەپچە ئاسنینە ؟

( وەردە چەرخێت .. دەستی کچێك دەگرێت )

گەورەم ئەمەش هاوڕێکەمە .. وەکو من دیلی ئەم ئەشکەوتە کۆتاییەیە..

( سەما )

تۆ دەزانی چەندە ترسناکە ؟!

بێ ئازادییە ..

زەرادەشت :ئیوە لەشتان ڕوتە..بچنە دواوە ..گوناه بارم مەکەن ..بڕۆن ..بڕۆن ..

وێنەی 2: گەورەم ڕەنگە تۆ هەستت نەکردبێت کە ئێرە قفلّ دراوەو دەرباز بونی تیانییە؟!

( نیشانە..وێنە..تێکەلاوی ..زەنگ )

ئەگەر لەجۆگە ئاوەکە بچیتە خوارەوە ..ئەوە ڕەنگە لە بنجی گیایەکەوە سەرهەڵبدەیت؟..

( بێدەنگی ..سەرسامی..وێنە..بروسکە )

وێنەی 1: گڕی ئاگرەکەیش سوتاندنە..

( زەنگ )

باکەش بەسەر مێژویەکی بزردا دەخولێتەوە.

( بێدەنگی.. نیشانە..بروسکە..وێنە )

گەورەم هەوڵی دۆزینەوەی پەیامەکەت بدە ..

( بروسکە .. شالاو ..زەنگ )

وێنەی 2 : بۆ ئەوەی ئێمەش لەم کەلەبچە نەزانراوە رزگار بکەیت؟ ..

( هاوار )

گەورەم ئێستا چارەنوسی هەمو مرۆڤایەتی لە دەستی تۆدایە؟ ..

( هاوار..زەنگ..تیشك..شالاو..بروسکە )

تەواوی مرۆڤایەتی چاویان بڕیوەتە پەیامەکەت ..

( دەنگ )

فەرمو..فەرمو .. بیدۆزەرەوە..

وێنەی 1 : هەمو شتێك وەستاوە ..جیهان گوێی بۆ قسەی تۆ راگرتوە ..تۆش بێدەنگیت ..

وێنەی 2 : زەنگی کۆتایی لێدەدرێت.. ئەکەرخۆت چاك نەکەیت جیهان لەدەست دەدەیت ..

( زەنگ ..بروسکە )

وێنەی 1 : هەزاران ساڵە قسەمان لەدەم دەرنەهاتوە ..

وێنەی 2 : هەمومان لە سوژدەی گوێگرتنی تۆداین ..

( زەنگ .. بروسکە .. وێنە )

هەناسەمان نەداوە و .. نانیشمان نەخواردوە ..

( بێدەنگی .. هەنگاو نان )

زەرادەشت : ئەم ئاوە نیشانەی ئەوەیە کە خواوەند مانا جوانەکەکانی ژیانی لێ نەسەندوینەتەوە ( دەستی دەشوات ) تەنیا کەوتوینەتە ناو تاقیکردنەوەیەکی تاڵ.

(بێدەنگی .. وێنە .. )

هەوڵبدەن لەو تەلیسمە ڕزگار ببین ..

( بێدەنگی )

وێنەی 1 : تەلیسم ؟ ئەم قسەیە دورە لە ڕاستییەوە .. تەنیا واتایەکی ڕێبوارە ..

( بێدەنگی .. وێنە .. )

وەرە چاو بگێڕە .. ئەم سەر و ئەوسەری ئەم گەردونە شاراوەیە بکە ..

بزانم هەست دەکەیت چییت ؟؟

( بیرکردنەوە .. وێنە .. هاوار )

پیاویت .. یاخود ژن ؟ .. مرۆڤیت یاخود جانەوەر ؟!

وێنە 2 : گەورەم دەبێت تۆ ماناکانی بیستن و بینین و هەست و هۆشت بزر کردبێت ؟!

( بێدەنگی )

بێگومان تازە لەم گەرداوە سەختەدا بێدارت بۆتەوە.

وێنەی 1 : دەبێت شنە تاریکەکان بەسەرمێشکتا زاڵبو بن .. وەکو جوانیەکانی ژیانیان دا پۆشیوە ..

زەرادەشت گێژ دەبێت و سەری دەخاتە ناو ئاوەکە .. لە پڕ دەم و چاوی دەسڕێت )

ستەمە .. ستەمە .. ژیان بزر بوە . چرای سروشت کوژاوەتەوە .

( هاوار .. دەنگ .. وێنە )

وێنە هەتاییەکان کوا پەیام و گڕی چرای ژیان .. کوا ..

وێنەی 1 : چی .. گەورەم .. دەبزرکێنی ..

وێنەی 2 : کام ئاکامە .. گەورەم کام پەیام و چرایە ؟!

( بێدەنگی ) وەرە بزانە چیت لیٚ بەسەر هاتوە ئاوێنەت پێیە سەیری خۆت بکەیت ؟!

( زەنگ .. وێنە .. هەناسەدان )

زەرادەشت : مانای ئەو وشەیەی کە کۆتایی نییە .. هەزاران پرسیار .. پرسیارە وێڵەکانی ژیان ..

( سوڕانەوە .. توڕەیی .. زەنگ )

ژیان بیٚ مانایە .. ناوەرۆکی رزیوە ..

( زەنگ .. وێنە .. زنجیر .. بروسکە )

وەرن زنجیرە ئاسنەکان ..لاشم ببەستنەوە ..

( توڕەیی )

خوایە پەیامم بزرکردوە .. .زمانم قفڵی دولایی لێدراوە .. هەست و هۆشم کەوتۆتە ناو گەردەلولی ترسناکەوە چوار پەلم بەستراوەتەوە ..

( هاوار .. زەنگ .. وێنە .. شڵەژان .. سەرسامی )

لەکوێوە پەیام بلآوکەمەوە..

(قیژە .. تلانەوە .. زەنگ .. بروسکە )

ئێستا لەڕوبەرێکی دڕکاویدام .. هەمو شتێکم بزر کردوە..

(ڕاست بونەوە.. شێتی .. زەنگ )

ئەو ڕۆژانەی لەناو کۆمەڵگادا گەشتم دەکرد ، هەموی ون بون .. بونەتە کەلە پچە .. هەزاران لاشەم دەبەستنەوە ..

( زەنگ .. وێنە .. بروسکە )

وێنەی 1 : ئێرە قیبلە نومای هەڵڕشتنی دەردەکانی دەرونە .. ئەم ڕوبەرە ئاوێنەیەکە مرۆڤ ڕاستیەکانی خۆی تیا دا دەبینێتەوە ..

( زەنگ .. ئاوێنە .. بروسکە .. هاژە .. )

زەرادەشت : هەمو شتێك شاراوەیە .. ئۆف کوا پەیامەکەم.

( ڕاکردن .. هاوار .. زەنگ .. شاڵاو .. بروسکە .. وێنە )

وەرە کچە سۆزانیەکە .. رامەکە باتگرم .. پەیامەکەم بدەرەوە .. ئێستا سورم لەسەر ئەوەی کەتۆ دزیوتە ؟..

(ڕاکردن .. هەناسەبڕکێ .. وێنە .. دودڵی .. هاوار )

سوتاندوتە .. دزیوتە .. ئێوە تیاترۆی ناو بالیەخانە و مەیخانەکانن . تاوانبارن ..

( خولانەوە . هاوار )

ناتوانن لەبەر سزای خواوەندا خۆتان ئاشکرا بکەن.

( بروسکە .. وێنە )

وێنەی 2 : سەیربکە بزانە تۆ ڕاستیەکانی خۆت دەدرکێنی ؟ قسە لەسەر کردارەکانت دەکەیت ؟!

( بێدەنگی )

تۆ خۆت تاوانبار دەکەیت ..

وێنەی 1 : پەردەت لەسەر هەڵماڵی و هەمو نهێنیەکانی خۆتت گوت ..

( بروسکە .. وێنە .. گڤە .. هاژە )

وێنەی 2 : شیشە نەبینەکان قسەکانت هەڵدەلوشن . لەسەر تەختە زێڕینەکان دەینوسنەوە .. پاشان بلاو دەبێتەوە .

زەرادەشت : تۆ دەتوانیت ناخەکانی خۆت بکەیتەوە .. ڕاستیەکانی ئەم ژیانە بڵێیت ؟ !

( هاوار .. بروسکە .. وێنە . ڕاکردن )

دەی وەرن رازی خۆتان بڵێین با لەیەکتری بگەین و سکی ئەم نهێنییە شەق بکەین ..

( سەما .. پێکەنین .. زەنگ .. وێنە .. بروسکە )

وێنەی 2 : ئەگەر لەنیگا تاریکەکان بڕوانیت خۆیان مێژون .. جوگرافیان .. ئاوێنەی ژیانە سەرسەختەکانن ..

وێنەی 1 : لێرە شریت و کاسێتی ڤیدیۆی نەخشەی جیهانە .. لە بێشکەوە بۆ گۆڕ ..

( سورداِن .. پێکەنین )

وێنەی 2 : بزانە تۆش بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت هەمو نهێنییەکانی خواوەندت ئاشکرا کرد ..

( بێدەنگی .. زنجیر .. وێنە ..بروسکە .. )

هەر بۆیە خوا ئەم سزایوی داویت .. پێدە چێت تاوانبار بیت ؟..

( وێنە ..راکردن ..زنجیر .. بروسکە .. هاوار )

زەرادەشت : ئای وێنە نەفرەتیەکان .. کوان .. دەمەوێت بتا نخەمە ناو ئاگری خواوەندەوە .. کوان .. ئێوە دژی پەیامەکانی خواوەند دەجوڵێنەوە ..

( وێنە .. لاسایی .. بروسکە .. هاوار )

وێنە : تف .. تف .. لەو تەمەنە ساردەت .. مێژوت بۆتە دەسرازەی منالٚ و دەزوی کفنی تەرمێکی تاریك ..

( زنجیر .. وێنە .. گڤە .. هاژە .. بروسکە .. کلٚپە .. هاوار )

زەرادەشت ئەگەر لە ڕۆشنایی کۆتاییەوە سەیری نەخشەی لاشەکانی جیهان بکەین ئەوا نەشتەرە مرۆڤ کوژەکان دەبینینەوە ..

ئۆف .. ئۆف ..

جگە لەمەرگی ئەبەدی تروسکە لەژیاندا نییە

( وێنە .. سێکس .. بێدەنگی )

زەرادەشت : کچە نەشمیلەکان ئێوە لەشتان ڕوتە .. ستەمە بەو شۆخییە .. خۆتان لەتاوان نە پارێزن .. سزای خواوەند بەسەر خۆتاندا دەسە پێنن ..

( وێنە .. دەنگ .. بروسکە )

وێنەی 1 : ئێمە بەڕوتی لەدایك بوین .. هەست ناکەین پۆشاکمان کرابێتە بەر ..

وێنەی 2 : لەم جیهانەدا جل و بەرگ نییە .. سەیربکە هەزاران کەسی تری تیایە هەمو ڕوتن .

زەرادەشت : من ئێستا پەیامی ئەم ڕۆژگارم پێیە .. دەبێت نێردراوی پەروەردگارێکی گەورە بم .. ئێوە بەدەمامکی تاوانەوە دێنە بەرچاوم .

( توڕەیی .. وێنە .. دەنگ )

بزر بن بچن خۆتان پۆشتە بکەنەوە .



www.pertwk.com

وێنەی 1 : ئێستا کاتی ڕوت بونەوەیە .. جیهان کەوتنە خوارەوەیە .. لەعالەمێکەوە بۆیەکێکی تر .. لەگەردونێکەوە بۆ ناو هەزارانی تر ..

( بروسکە .. وێنە .. کڵپە .. گڤە )

وێنەی 2 : جیهان سوتانە .. ژیان کپ بونەوەیە .

وێنەی 1 : هەمو شتێك وەکو مۆمێکی ناو ئاوی تواوە وایە .. گڕ دەگرێت و خامۆش دەبێت ..

زەرادەشت : لێرەوە راستی خواوەند دیاری دەدات .. بڕۆن خۆتان پاك بکەنەوە .. چونکە ئاگری کڵپەدار دەخرێتە ئامێزتان .

( بروسکە .. وێنە .. تیشك دانەوە .. هاوار )

وێنەی 1 : گەورەم بە پێچەوانەوە نیشانەی ونبون دۆزەخ و بەهەشت دیاری دەدات سەیری ئەم جیهانە سوتاوە بکە .

وێنەی 2 : ڕەمزی لەدایك بون و مردنە .. مەرگ و کۆتاییە .. کۆتایی و ژیانەوەیەکی بێ هودە ..

زەرادەشت : ئەمە ئەو ڕاستی یەیە کە فەرامۆش ناکرێت .

( بروسکە بێ دەنگی )

وێنەی 1 : لەبیر دەچنەوە .. لەگەڵ هەناسە خەفەکانداخامۆش دەبن .

زەرادەشت : دیسان زیندو دەبنەوە .

( بێدەنگی و هەناسەدان )

وێنەی 2 : دەمرن .

وێنەی 1 : لاشەکانیان مۆمیای ئەبەدی دەکرێت .

( بێدەنگی )

زەرادەشت : لەدایك دەبنەوە .. چونکە خواوەند مردن و ژیانەوەی داناوە .

( ڤیژە .. بروسکە .. وێنە .. شاردنەوە )

جارێکی تر مردو زیندو دەبێتەوە .

( وێنە .. سەما .. تیشك )

وێنەی2 : هەرگیز .. هەرگیز .. ژیان تەنیا سوتانە .

( بێدەنگی )

زەرادەشت : خواوەند ئەم گێژاوە ڕاستی و بونی پەیامەکانتی بزر کردوە؟

( ڤیژە .. پارانەوە .. وێنە .. بروسکە .. ترس )
مرۆڤ توشی لە بیر چونەوەی ڕاستیەکان بون ..
( بێدەنگی .. وێنە .. سێکس )
ئێوە سزای خواوەندتان کەوتۆتە سەر .. لەشتان داپۆشن مەمکتان بشارنەوە .. شیری لێدەچۆڕێت.
( وێنە .. سەما .. سیکس )
وێنەی 2 : زەوی وەستاوە .. ناسوڕێتەوە .. هەوا و خۆر و مانگ شاردراونەتەوە .. جیهان بزرە .. هەمو شتێك بیٚ پۆشاکە .
( سێکس .. بێدەنگی )
وێنەی 1 : لەسەر چیای ئاو و خۆڵدا دەڕوانیینە خەرمانەی هاوکێشە دەرچوەکانی مرۆڤایەتی .
( بێدەنگی .. وێنە .. تاریکی )
وێنەی 2 : ژیان وەکو گاسنێکی تیژ دڵمان دەکێڵێت .. دەبێت لەم کلاو رۆژنە تاریکەوە تەرازوە ڕاستی و ناڕاستیەکانی ژیان بەدی بکرێت ؟!
وێنەی 1 : زەرادەشت دەتەوێت لێرەدا پەیام پەخش بکەیتەوە؟!
( بێدەنگی .. سەما )
سەرت لیٚ شێواوە .. ئێرە جیهانێکی تایبەتیە ..
( وێنە .. سەما .. تیشك )
وێنەی 2 : گێژی ئەم تاریکی و هاژە و گڤەیە بوە .. ئەوەش تاوانەکانی پیٚ زیاد دەکەن ..
( کڵپە .. هاژە .. گڤە .. بروسکە .. وێنە .. پاڕانەوە )
زەرادەشت : خوایە کەوتومەتە ناو بیرێکی تاریکەوە .. فریشتەیەکی نازدار بنێرە .. با وێنەکانی ژیانم بێتەوە بەرچاو .. لەم بەندیخانەیەدا هەمو شتێکم بزر کردوە ..
( ڤیژە )
پەیامەکەم بە با یەکی توندەوە رۆیشتوە ..
( وێنە..بروسکە ..تاریکی )
وێنەی 2 : دەبێت ئێمەش بکەینە ناو تروسکەیەکی نەزانراوەوە.
( بروسکە )

وێنەی 1 : لە دەزولەكانی مێشكەوە روخساری خوایەكی نێرینە دیاری دەدات ..
( ڕودەكاتەوە وێنەی 2 )
ئایا تۆ هەستت كردوە پەنجەت بەر لەشی نێرینەیەك كەوتبێت و لەگەڵیدا تلابیتەوە ؟..
وێنەی 2 : پێدەچێت من خۆم نێربم .. بەمەمكە هەڵتۆقیوەكانم هەڵمەخەڵەتێ .. سەیری نیگا و ڕوخسارم مەكە .. من پیاوم .. ئێستا پێستی ئافرەتێكم خراوتە بەر .. ئەم شەپۆلە ترسناكانە لەشیان گۆڕیوەم . .
( وێنە .. بروسكە .. تیشك .. زەنگ .. سەما )
وێنەی 1 : نێریی و مێیی شاردراونەتەوە .. ئێستا خوای ئەم گەردونە بڕیاری مێینەی بەسەردا سەپاندوین ..
(قیژە .. بروسكە .. گومان .. زەنگ )
زەرادەشت : ئای ئەو وێنە نەفرتیانەی چوار دەوری منتان تەنیوە .. ئێوە نێردراوی شەیتانەكانی جیهانن تەوقی ئەزەلین .. ئێوەن ئەوانەی كە پەیامی خواتان دزیوە ..
( هاوار .. بروسكە .. خولانەوە .. شێتی )
ڕامەكەن .. بابتانگرم .. رامەكەن ...
چلۆسكی ئاگرەكە بەدەستەوە دەگرێت دەكەوێتە راكردن لە پێچی یەكەمدا دەوەستێت )
دەرگای ڕاستی ڕێگام لێ مەگرە .. من پەیام نێرم ..
( دەنگ .. وێنە .. زنجیر .. هاوار .. بروسكە.. سەرسامی )
دەنگی 1 : بوەستە با نەكەویتە ژێر سكی زەویەوە ؟..
دەنگی 2 : بگەڕێرەوە لەوە زیاتر هەنگاو نەنێیت .. لێرەدا خاڵی كۆتایی دەستپێدەكات ..
( وێنە .. زنجیر .. دەنگ .. بروسكە )
دەنگی 3 : ئەمەت لادانە لەفەرمانی خواوەند .
( چلۆسكەكەی دەستی دەكوژێتەوە .. دوكەڵ بەسەر و چاویدا دێت و زنجیرەكان دێنە بەرچاوی پاشەو پاش دەگەڕێتەوە )
زەرادەشت : ئێوە .. ئێوە پاسەوانی كۆشكی بەندیخانەی خواوەندن ..
من .. من بەند نیم ؟! ئێرە دۆزەخە .
( سوڕانەوە .. زنجیر .. بێدەنگی .. وێنە . ئاگر )

**ئاگری خواوەند دەبێت تاقیم بکاتەوە .. ڕەنگە .. ڕەنگە.**

( **بێدەنگی و هەناسەدان** )

**وێنەی1 : ڕەنگە ڕوخساری سەر جەنازە کۆتاییەکان بیرکردنەوەیان شۆرد بێتەوە ..**

( **وێنە .. بروسکە .. تیشکدانەوە .. شالأو** )

**تۆ لە پەیام نێری خودایەك دەچیت فرمێسکەکانی تەنیا ئاگری دۆژەیەکی دروستکراو بێت. ڕەنگە بتەوێت تەوق بخەیتە گەردەنی مرۆڤایەتی ؟..**

(**بێدەنگی .. وێنە .. بروسکە** )

**زەرادەشت : بیربکەرەوە .**

**وێنەی2 : تۆ بەسەر خۆت و مێژودا بچۆرەوە .**

(**وێنەکان دەکشێن .. بروسکە** )

**بزانە لەژیانتا چیت کردوە ؟!**

(**وێنە .. زەنگ .. سەما .. پێکەنین .. سەرسامی** )

**زەرادەشت : هیچم لەبیر نییە ژیان لەلام سفرە .. تەنیا ئەوەندە دەزانم یەکەم جار پیاوێکم دی .. دیم و یەکەم پرسیاری لێکرم .. شێوەکەیم لەبەرچاوە .**

( **بێدەنگی .. بیرکردنەوە** )

**ئێستا دەزانم ئەو گەشتەم لەناو خەرمانەی مرۆڤایەتیەوە تەنیا ئاگر بو..**

( **ئاگر .. هاوار** )

**ئاگر ڕزگارم بکە .. ئەم چرکەیە ژیانم لێ پێچراوەتەوە .. بێ هێزم .. ڕۆشنایی و هێز و بڕستم نەماوە .. تینم بدەرێ .. ئازادم بکە ..**

( **قیژە .. خولانەوە** )

**ئاوەکە پاکم بکەرەوە .. جیهان بشۆ .. بیشۆ .. بارزگار بین ..**

( **هەڵبەزینەوە .. هاوار .. هستیریا** )

**پەیامەکەم**

( **دەچێتە بەربا کە** )

**نزرگاکەت برد .. کوا .. کوا .. پەیامی ئەم ڕۆژگارە ؟!**

( **تاریکی .. ڕاکشان .. گریان** )

**ئەوە تـاوانێکی قورسە .. قورس**

**وێنەی 2 : ڕەنگە لەوەش زیاتر بێت کەبیری لێدەکەیتەوە؟ ..**

**( وێنە .. هاوار .. زەنگ )**

**وێنەی 1 : پەیامی ئەم ڕۆژگارە سەختره لەتـاوانەکان .. لەکاتێکدا مێژو بونی نییە ..**

**( زەرادەشت ڕاست دەبێتەوە و دەلەرزێت )**

**زەرادەشت : جیهـان بێ نەخشەیە .. مێژو کەوتـۆتـە خـوارەوە ئێـسـتـا هـەمو شـتێك بـوە بەتـەم .. تواوەتەوە ..**

**( بێدەنگی .. وێنە )**

**وێنەی 1 : ئایا دەزانیت ئێستا چی سەدەیەکە ؟**

**زەرادەشت : دەزانم سەدەی دابڕان و ون بونە .**

**( بێدەنگی .. بروسکە .. وێنە )**

**وێنەی2 : ڕاستە ڕێڕەوەکانی ساڵ و وەرز و ڕۆژ و گەلا بـاریوەکانی پـایزە .**

**وێنەی1 : ژیان مۆڵ بۆتەوە .. ڕەنگە ئـەم چرکەیە .. ڤیـدیۆی سـەرەتـا و کۆتـایی ژیـان بێـت .. لێرەوە کۆتـایی بە تێڕوانین و بیر و هەست دێت؟ ..**

**( وێنە .. بێدەنگی ... بروسکە )**

**وێنەی 2 : لێرەدا جیهان دەتوێتەوە .. تەمەن بزر دەبێت .**

**( زەرادەشت .. سەیری ئاوەکە دەکات وێنەی خۆی دەبینێت دە لەرزێت )**

**زەرادەشت : زوڵمە .. زوڵمێکی هەتـاییە .. من پەیـام نێرێکی یەزدانیم .. موەکـانم بـون بەشـەتڵە کۆچەری ..**

**(وێنە .. لەرزین )**

**مانای کاتم لەم ژیانە تەواو بوە .. چرکەم کۆتـایی هات ..**

**( زەنگ .. وێنە .. زنجیر )**

**ئێستا لە نێوەندی دۆزەخ و بەهەشتەوە وەستاوم ..**

**( رادەکاتە لای ئاگرەکە )**

**دەبێت هەمو کارەساتێکی ئەم سەر زەمینە پەیوەندی بە ئاگر و ئاوەوە هەبێت .. تـرسـنـاکن مـردن سڵیان لێدەکاتەوە .**

( خولانەوە .. وێنە .. زەنگ )

ئای کچە نەفرەتییەکان دیسان لاشەتان ڕوتە .. مەمکتان توخبەی گرتنی سەرتاسەرییە .. بەسە خۆتان بپێچنەوە با بەئاگری ئەو دۆزەخە نەسوتێن.

( وێنە .. بروسکە )

وێنەی 2 : ئاو و ئاگر ڕەمزی ئەفسانەکانی ژیانن .

( وێنە .. سەما )

وێنەی 1 : وەکو نهێنی هەڵتۆقاوی گەردون وان .. لە ژێر سەری پریاسکەی ئەفسانەوە مێشکە تاریکەکانیان گرتوە ..

(وێنە ..هاوار ..زەنگ..بروسکە )

زەرادەشت : ئاگر لەم جیهانەدا هێمای خۆ گەرم کردنەوەیە ..ترسە ..ترسێك کەبیر لە مردن بکرێتەوە ..

( وێنە.. هاوار )

کەواتە تۆبە بکەن .. واز لە تاوان بهێنن ..

( وێنە ..سەما )

وێنەی2 : گەورەم تۆ لەم جیهانەدا نەگەڕاویت...کوا...بزانە پارچە قوماشێك دەبینیتەوە؟!

وێنەی1 : تۆبە.. ئەم ژیانە پێویستی بە مەرگ هەیە...بە فڕین و ڕاکردن...مانەوەی توانەوەیە...

( سەما...وێنە...سێکس )

وێنەی2 : تۆبە لەدوای مەرگەوە دەست پێدەکات.

( زەرادەشت دەقیژێنێ )

زەرادەشت : نەکەن لەراستیەکان دور بکەوەنەوە ؟.

وێنەی1 : گەورەم کەوتوینەتە ناو گومانێکی سەرتاسەرییەوە...دەبێت لێرەدا بتوانین پرسیاری نهێنییە ئەزەلییەکان بکەین...

( بێدەنگی...هەناسەدان )

وێنەی2 : ئەوانەی لەم گەردونەدا بێ وێنەن...مرۆڤن و شاراونەتەوە...تواوەن....گەورەم چاوەڕێی تۆن ...

( شه پۆل...بروسكه..گڤه...هاژه...هاوار...دەنگ )
زەرادەشت:...من...من ؟ پێدەچێت ژیان فرمێسکێکی خوا بێت ؟.
( چلۆسکێك بەدەستەوە دەگرێت و دەچێتە لای ئاوەکە )
زەرادەشت: وێنەیەکی جوانی هەیەئاگر لەئاودا رەنگی بونی خواوەند دەردەخات...ئێستا هەستم کرد کابوسێکی گەورە هاتۆتەسەر سینگم... موەکانم رادەکێشرێت...ستەمە..چەند ساڵ و مانگ و رۆژە پەیام بلاو دەکەمەوە... راستیەکان قفلْ دراون.
( وێنە..بروسکه.. بێدەنگی )
وێنەی1: تۆ هەمو شتێکت لە بیر چۆتەوە.. پەیامەکەت لا سڕاوەتەوە.. قسەکانت نەشتەر لەلا پەڕەی دادگات دەدەن.
( وێنە..بروسکه..هاوار)
بۆچی..بۆچی..بۆ؟!
وێنەی 2: ئێستا ئەم جیهانە سەرگەردانە پێویستی بەوشەیەکی ئاسۆیی هەیە .. وەرە لەکلاْ و رۆژنەی ئەم تاریك خانەیەوە جیهان شەق بکە ..
( وێنە .. سەما .. بروسكه )
وێنەی 1: گەورەم دەبێت تۆ هێشتا پەیامەکەت پێ نەگەیشتبێ ؟.. بیربکەرەوە ؟..
( دەنگ .. بروسكه .. تیشکدانەوە )
دەنگ : بەبێ نکۆڵی پەیام نێری هەمو هێزێکی ئەزەلییە ..
( وێنە .. سەما .. سێکس )
وێنەی1 : لە دۆزەخی بیرەوەرییە خواوەندیەکاندا پەیام لەدایك دەبێت.
وێنەی 2 : وشەکان ناگەن و لەسەر زمانەوە دەمرن ..
وێنەی 1: ڕوخسارەکان شێواون ..
زەرادەشت : حەزەکانی خواوەند لەڕاڕەوی ئەو بیرۆکە ئەفسانەییانەوە قەتیس بوە ..
وێنەی 1: وەکو فرمێسکێکە لەسەرچاوی سارد لەنگەری گرتبێ ..
زەرادەشت : لەم ڕۆژگارە سفرە دا مانا لەدوای سفرەوەیە ... مێژو شەقەی باڵی کۆترێکە لەناو دۆزەخەوە دەفرێت و دەکەوێتە خوارەوە..
( کڵپە ی ئاگر .. هاژەی ئاو .. گڤەی با .. بروسكه .. وێنە .. تیشکدانەوە )

دەبێت خواوەند تاریکی و ڕوناکی کرد بێتە خەو و مردن ؟..

( وێنە .. سەما .. )

وێنەی1 : بون لەدوای مەرگەوە وێنە دەنەخشێنێ .. مەرگ .. لەدوای بون ..

وێنەی 2 : خەرمانە ئەڵقەڕێزەکانی ژیان کراوەن .. دەروازەکانیش کڵۆم دراون ..

( وێنە .. سەما .. فو کردن )

زەرادەشت : ئای .. ئای .. لەم مردنە .. لەم کاروانە هەتاییەی ژیان؟.. ( دەگەڕێتەوە سەر جێگای یەکەم جاری عەباکەی بەشانیدا دەدات )

ئێستا لەسفرەوە هاتومەتە سەر مێژوی سفر و بەناو هەمو دیمەنەکاندا دەخولێمەوە پەیام نێری گەردونم..

( ڕاکردن .. وێنە .. بروسکە .. زنجیر .. تیشکدانەوە )

ئۆف .. تەوقی ئەبەدیم دەخرێتە گەردن ..

( لە پێچی یەکەمدا دەوەستێت زنجیر دیدەی دەتەنێت دەکەوێتە قرخە قرخ .. پەل و پۆی بەهەواکەدا دەکێشێت و بەهەناسەبڕکێ دەڕوات .. دەنگەکان بەسەریدا دەقیژێنن .. )

دەنگ .. زەنگ .. زەنگ .. زەنگ ..

( زەنگ .. بروسکە .. تیشك .. هاوار )

( بێدەنگی

## بەشی دوەم

( تاڤگەی ئاو.. شێیەکی ساردی لێ بەرز دەبێتەوە کڵپەی ئاگر .. زەرادەشت لەناو ئاوەکەدا دێتە دەرەوەو لەجێی خۆیدا دەوەستێت ) .

زەرادەشت : من ئێستا لەدەریای بیرکردنەوە و ڕاییدام .. سەرم لێشێواوە ..

( بێدەنگی .. لەرزین )

پێدەچێت شەوە لەمیحرابی پەیاما رفاندبێتمی؟..

( دەنگ .. هاوار .. بروسکە )

دەنگی 1 : تۆ لە تاوان نزیك بویتەوە؟ ..

دەنگی 2 : وەرە خۆت قوتار بکە ؟..

دەنگی 3: بە سەر ڕابوردوتا بچۆرەوە ؟..

دەنگی 4 : پەیامەکەت بدۆزەرەوە ؟..

دەنگی 5 : ڕەنگە سەرت لێ تێك چو بێت؟ ..

دەنگی 6: بزانە تۆ پەیامنێری سەردەمێکی ڕابردو یا خود داهاتویت؟!

( کۆرس .. دەنگ )

تۆ ڕەنگە لەو پەیامە نەگەیشتبی کە خواوەند پێتی سپاردوە ..

( بێدەنگی .. کۆرس )

چەند چرکەیەك لەخۆت بڕوانە ..

( بێدەنگی .. کۆرس )

ڕەنگە جێگەی پەیامنێری بەسەر چوت گرتبێ ؟!

( بێدەنگی )

بزانە مێژو بەرە و دواوە نەگەڕاوەتەوە ؟

قیژە .. دەنگ ..کۆرس )

کاتژمێری ئەم چاخە وەستاوە ..

( بێدەنگی )

تۆ لەزەمەنێکی نەژمێردراودایت ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

زەرادەشت : هەرگیز من ئێستا نوحی ئەم سەردەمەم ..

( ئاو بەلەشیدا دەچۆڕێتەوە )

پێدەچێت ئەو بم ؟! خوا پەیامی شتنەوەی جیهانی پێ بەخشیوم ..

( بروسکە .. لەرزین .. دەنگ .. وێنە .. )



www.pertwk.com

ها .. ها .. ئێوەش وا بیرناکەنەوە ؟..

( بێدەنگی )

لە کوێ ؟.. بزر بون ؟.. وەرن بزانم دەتانەوێت پاك ببنەوە .. خۆتان بدەنە دەم شەپۆلی ئاو ..

( بێدەنگی )

هەتا ڕەشماڵی سزای خواوەندتان بەسەردا نەهاتوە ..

( هاوار .. وێنە .. تاریکی .. تیشکدانەوە )

ئەو کاتە ناگاتە هیچ ئاکامێك ..

( بێدەنگی )

خواوەندیش چاو لە توڕەیی خۆی نا پۆشێت ..

( هاوار .. قیژە .. بروسکە .. دەنگ )

دەنگی 1 : نا .. نا .. نا ..

دەنگی 2 : پێدەچێت دەمارەکانی مێشکت تێك ئاڵاٚ بن ..

دەنگی 3 : ئێستا شێت بویت ..

دەنگی 4 : لە دوای شێتییەوە بیر دەکەیتەوە ..

( کۆرس .. دەنگ )

مردویت .. لەدوای مەرگەوە وەستاویت ..

( بێدەنگی )

لەو بێهۆشیەدا هەمو شتێکت لەبیرکردوە ..

( وێنە .. بروسکە .. شەپۆل .. کڤە .. هاژە )

زەرادەشت : بەسیەتی .. لەوە زیاتر بەجاڵجاڵۆکەی ئەفسانەیی دەورم مەتەنن ..

( وێنە .. توڕەیی .. تیشك .. بروسکە )

دور بکەونەوە نەفرەت لە ئامۆژگارییەکانتان ..

( بێدەنگی )

جیهان .. فلیقاوەتەوە .. تەواو .. کۆتاییەتی. .

( وێنە .. سەما .. کۆرس .. تیشك .. سێکس )

وێنەی 1 : ئێمە نەوەی ئێستاین .. ئەم جیهانە بەبێ شوێنەوار بەجێ ناهێڵین ..

( بێدەنگی .. بیرکردنەوە .. توڕەیی )

وێنەی 2 : تۆ لەبەردەمی مێژودا تاوانبار دەبیت ..

وێنەی 3 : لە تەرازوشدا جێگەت نابێتەوە ..

( هاوار .. بروسکە .. شە پۆل )

وێنەی 4 : ئەگەر لافاو ئێمەش بشواتەوە جیهان شوێنەواری دەمێنێت .. ئەو کاتە پەڵەی خوێن خواری تۆ دەبێتە پرسیاری مێژو ..

( بێدەنگی .. وێنە .. زنجیر .. بروسکە )

پەتێکی سێدارە بەئاسمانی جیهانەوە دەردەکەوێت ..

(بێدەنگی )

هەوا دەبێتە دادگەر و بڕیاری هەڵواسینت دەدات ..

( بێدەنگی )

چی وەڵامێکی دوا ڕۆژ دەدەیتەوە ؟!

( هاوار .. قیژە )

زەرادەشت : لافاو تەنیا فرمێسکێکی خواوەندە .. توڕەییە .. بچن خۆتان پاك بكەنەوە ..

( هاوار .. وێنە .. بروسکە .. لەرزین )

بچن .. بچن .. هەموتان .. هەمو ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

ئەوساتە وەڵامی هەمو شتێك وەردەگرن ..

( وێنە .. کۆرس .. سەما )

وێنەی 2 : تێڕوانینی ئەم چاخە لەدیدەکانی خواوەندەوە دەبینرێت ..

( بێدەنگی ) ئەوانیش ونن ..

( بێدەنگی )

تەنیا لەتەلیسمی ئەفسانەیی هەور و بروسکە و بارانەوە دێتە بەر چاو ..

( بێدەنگی )

وێنەی 1 : لەگەڵ گزنگی هەتاوێکدا دیاری دەدات ..

( قیژە .. هاوار .. دەنگ .. وێنە .. کۆرس )

**بەلاّم .. بەلاّم ..**

**( بێدەنگی )**

**بەلاّم .. بەلاّم ..**

**( بێدەنگی )**

**زەرادەشت : گومان لەو ڕاستیانەی کەڕاستن و نابینرێن .. ژیان تاوانە ..**

**( بیرکردنەوە .. هەناسەدان .. بێدەنگی )**

**مرۆڤ دەبێت بە پەڕۆی ئەو تاوانانە لاشەی دانە پۆشرێت .. پێویستی بە پاك بونەوە هەیە ..**

**( وێنە ..سەما .. سێکس .. تیشك )**

**وێنەی 1 : تۆ نیشانەی پەیامێکی بیّ هودە بلاّو دەکەیتەوە .**

**( بێدەنگی )**

**وێنەی 2 : لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی شێواندنی جیهان دەدەیت .. وەرەوە سەر خۆت .. وریا بە ..**

**وێنەی 3 : پێدەچێت کۆشکە خواوەندییەکان بانگیان بەگوێتا دابێت .**

**( بێدەنگی )**

**وێنەی 4 : ئایا دەزانیت ناوت چییە ؟**

**( بێدەنگی )**

**یاخود کام پەیامەت کەوتۆتە ئەستۆ ؟ ..**

**( بێدەنگی .. ترس .. لەرزین )**

**پەیامەکانی خواوەند جیاوازن .. بە پێی سەردەم و شوێن دەگۆڕدرێت ..**

**( وێنە .. لەرزین .. ترس .. بروسکە )**

**زەرادەشت : بترسن سڵ لەو ئاگر بکەنەوە ..**

**( هاوار .. لەرزین .. وێنە )**

**وێنەی 2 : ئەمە قولاّیی دەرزی ژەنێکی ناوەختەیە .. ئەو پەیامنێرانەی کە هاتونەتە سەر سنگی مرۆڤ خۆیان بە ئاگری پەیامەکەیانەوە سوتاون ..**

**( قریشکە .. هاوار .. بروسکە .. هەیکەل .. وێنە .. دەست .. قاچ .. شە پۆل .. کۆرس )**

**وازبێنە**

**( بێدەنگی .. وێنە .. شە پۆل )**

خۆت بناسه

( هاوار )

تاوان مەکە .. خۆت دور بگرە

( بێدەنگی .. وێنە )

وێنەی 3 : دەبێت بەدەردێکی کوشندە گیرۆدە بو بیت ؟! دور نییە سەرمەستی ژەهراوێك نەبیت؟

( بێدەنگی .. وێنە .. شە پۆل )

زەرادەشت : ئێستا بارانی حەژمەتەکانی خواوەند دەبارێت .. شاخ و کێوی جیهان دەشۆرێتەوە ..

( بێدەنگی .. شە پۆل .. وێنە .. هاژە .. گڤە )

ئەوکاتە نیگا نامێنیٚ ..

( بێدەنگی .. وێنە )

وێنەی 1 : ئەوسا جیهان تەخت دەبێت .. پاشماوەی تەنیا ناوی تاوان باری تۆیە ..

( بێدەنگی .. کۆرس )

وێنەی 3 : زەوی دەرمێت و ئاسمان دەکەوێتە خوارەوە ..

( سەما .. سێکس .. دەنگ )

ئەو کاتە نهێنیەکان دەبنە پرسیار .. بون لەنەبونا خۆی دەدۆزێتەوە ..

( بێدەنگی .. هاژە .. کلپە .. وێنە .. سەما )

زەرادەشت : نا .. ئاسمان خەت بەسەر کاول بوندا دەکێشێ .. لەوێوە لەشی جیهان دەشوات .. پاکی دەکاتەوە ..

( هاوار .. کۆرس .. وێنە .. سەما )

وێنەی 3 : دوای ئەوە جیهانێکی خوێناوی تر دروست دەبێت ..

زەرادەشت : وەرن ئەوانەی دەتوانن جیهان بینا بکەنەوە ..

( کۆرس .. وێنە .. سەما )

وێنەی 4 : جیهانێك کە لەسەر کەلەسەری سوتوی ملیۆنەها مرۆڤی ئێستا بنیات بنرێت..

( وێنە .. سەما )

وێنەی 2 : ئەوەتا تاوانێکە لەناو هەزار تاوانەوە ..

وێنەی 3 : ئەوانەی دەبنە سەرۆکی جەنگە گەرونییەکان ..

وێنەی 4 : دەبنە ڕەمزی كارەساتە سەختەكانی مێژو ..

( بێدەنگی )

ئەو تاوانە ناخرێتە سەرشان ..

( كۆرس .. وێنە .. سەما .. تیشك )

چی مرۆڤێك هەیە بتوانێت ئەو تاوانە بكات؟!

( كۆرس .. دەنگ .. هاوار )

مەحاڵە .. مەحاڵە .. زەرادەشت ..

( بێدەنگی )

گەورەی جیهان پەشیمان ببەرەوە .. خۆت مەكەرە جەللادی گەردون ..

( كۆرس .. سەما )

لەگەردونـدا تـاوانـت زۆرە .. تـەنیا ئێـرەت بـە پاكی بـۆ ماوەتـەوە .. لێـرەدا تـاوان مەكـە بـا نەسوتێیت .

( بێدەنگی .. وێنە .. زنجیر .. كلپە .. گڤە .. هاژە )

زەرادەشت : ئەمە لەدوای گومانێكی شێتانەوە دەست پێدەكات ..

( وێنە .. توڕەیی .. لەرزین )

ئێوە بێ هودە باس لەچارەنوس دەكەن .. دەتانەوێت مێژو بە پیسی بڕوات ..

( كۆرس ..وێنە .. ئاگر .. سەما )

وێنەی 4 : لەم ساتەدا مێژو ماناكانی خۆی بزر دەكات ..

( بێدەنگی )

دەبێت نیگایەك ببێتە سەربازی ڕوخسارە خوێناوییەكان ..

وێنەی 1 : ئێستا ڕەمزی داخستنێكی تر لەسەر ئەم جیهانە قفڵ دراوە دیاری دەدات ..

( بێدەنگی )

جارێكی تر لەسفرەوە دەست پێدەكات ..

( بێدەنگی .. وێنە .. كۆرس .. سەما )

وێنەی 2 : بەو پێودانگە ماناكانی بێ فەڕ دەبن ..

( بێدەنگی .. وێنە .. سەما .. سێكس )

زەرادەشت : بەڵێ لەدوای ئەم سفرەوە دروست دەبێ .

( دەست دەخاتە گیرفانی عەباکەی )

ئێستا تورەیی ئاسمان دەبینین؟ ..

( چاو دەنوقێنێت )

وەرن .. وەرن .. ئەوانەی دەتانەوێت لەسزاکانی خواوەند ڕزگارتان ببێت ..

( وێنە .. هاوار .. دەست و پە نجە .. زنجیر .. بروسکە )

شەیتان هاتۆتە سەر سینگتان .. لەشتان ڕوتە .. لاچن .. ئێوە بڕیاری دۆزختان لەسەرە ..

( زنجیر .. وێنە )

وێنەی 1 : ژیان لەتاوانێکی هەمیشەیی پێکهاتوە ..

( بێدەنگی .. وێنە )

پاکبونەوە نییە .. نابینرێت ..

( وێنە .. سەما .. سێکس )

توشی تاوانی ڕۆژگاری ڕەش هاتوین .. پزوی ئەم ژیانە ناکرێتەوە .. گرێش نادرێت ..

( کۆرس .. وێنە .. سەما .. گۆرانی )

فریشتەی جیهانێکی بێ سروشتین ..

بێ جوانی و ڕەنگ ..

تاریکییە ..

تەمی شتنەوەی ڕوخسارە .

( بێدەنگی )

وێنەی 1 : ئێمە حۆرین .. پەروەردگار لەدەوری پەیامەکەی تۆ خڕی کردوینەتەوە ..

( وێنە .. بروسکە .. شە پۆل )

زەرادەشت : حۆری .. حۆری ..

( بێدەنگی و هەناسەدان )

هەرگیز ئێوە تاوانتان کەوتۆتە سەر ..

( وێنە .. سەرسامی )

ئێوەش نیشانەی فریشتەییتان پێوە نییە .. پێدەچێت تیاترۆی ئەم ڕۆژگارە بن ..

( بێدەنگی )

وێنەی 2 : فەرمو سەیری پەیامەکەت بکە .. بزانە چین ؟ !

وێنەی 3 : گومانی تێدا نییە توشی دڵەڕاوکێ هاتوین ..

وێنەی 2 : لەتەوەری گێژبوندایت .. پێدەچێت ئەم زیندانە هەتاییە مێشکتی داخستبێ و زارتی بەستبێ .. ئێستا هەست و نەستت وەکو هەرەسی شاخێکی داچو وایە ..

( وێنە .. سەما .. سێکس )

وێنەی 1 : کارەساتی ئەم چاوشارکێ مەرگاوییە دەوری تەنیویت .. تەنانەت پەیامەکەشت لەبیر چۆتەوە .

( وێنە .. بروسکە .. شالاَو .. گڤە .. بێدەنگی )

وێنەی 2 : گەورەم ئێستا هەستت کرد کەئێمە فریشتەیەکی پاکی ئەم گەردونەین .. وەرە باتوشی خۆشبەختی ببیت ؟.. ئێمە تەنیا بۆ بەختیاری تۆ هاتوینەتە ناو ئەم گوڵزارە تاریکەوە ..

( وێنە .. سەما .. سێکس )

وێنەی 1 : بەڵکو گرێی ئەو پەیامە خواوەندییەمان بۆ بکەیتەوە ؟.

( لەرزین .. وێنە .. زنجیر .. ئاوێنە .. گڤە .. هاژە .. لەرزین )

پەیامە خواوەندییەکان نابینرێن .. لەگەڵ بروسکە و هاژە و گڤەدا بلاَو دەبنەوە .

( دەچێتە پاڵ ئاگرەکە )

ئێستا ئەو گومانە کرۆکی کردوە .. دەبێت لەدوای سفر و سفرێکی ترەوە دەست پێ بکەین ..

( لەرزین .. وێنە.. ئاوێنە .. لەرزین .. بێدەنگی )

ئۆف بلوێنان تاڵە دەزوی ئەم ژیانە لەکەلەمەوە ئالاَوە .. خواوەند خەریکە پەیامی ئەم جیهانە جە نجاڵە لەگەڵ بونی خۆمدا بزربکەم ..

( وێنە .. دەست و پە نجە .. بروسکە .. زەنگ )

وێنەی 2 : ئەم جیهانە چاوەڕوانی تۆیە .. کەلە پچەکان دەمیان بۆ کلیلی پەیامەکەت گرتۆتەوە .

( بێدەنگی .. زنجیر .. ئاوێنە .. بروسکە .. وێنە )

فەرمو چارەی کێشەی مرۆڤایەتی بکە ؟.

( بێدەنگی .. وێنە .. ئاوێنە )

ئایا دەتوانێت مێژو ڕاست بکەیتەوە ؟.

( هاوار .. قیژە .. وێنە .. بروسکە .. هەیکەل .. گڤە .. هاژە .. کڵپە .. سوڕانەوە .. سەرسامی .. روناکی .. تاریکی )

وێنەی 3 : من لەنیشتمانێکی ئازادەوە هاتوم .. نوێنەری گەلێکی برسیم .. ڕاستیەکانی ژیان .. لەلامان کشاوە دوای دەزوی ئەفسانەیی کەوتوە .

( بێدەنگی )

دەمەوێت لەو نهێنییە سامناکە دڵنیام بکەیت ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

فەرمو گەورەم قسە بکە ؟.. هەزار ساڵە چاوەڕوانی وشەیەکی ڕاستت دەکەین ..

( هەناسە )

دەگەڕێمەوە گەلەکەم بەختیار دەکەم .

( هەناسەدان و بێدەنگی .. وێنە )

منیش پەیام نێری گەلێکی ڕوتم ..

( وێنە .. تیشك .. بروسکە .. ئاوێنە )

زەرادەشت : بەختیاری پابەندە بە فەرمانی خواوەندەوە ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان .. تورەیی )

بڕۆ بۆ لای گەلەکەت پێیان ڕابگەیەنە لافاو ژیان پاکژ دەکاتەوە ..

( بێدەنگی .. وێنە )

مزگێنیان بدەرێ

( وێنە .. هاوار .. بروسکە .. هستیریا )

وێنەی 1 : کەواتە دیسان گەڕانەوە بۆ دوای سفر .

( بێدەنگی .. وێنە .. شالاو )

وێنەی 2 : بۆ پلەیەکی بەستەڵۆك

( وێنە .. گریان .. قیژە .. شالاو .. زەنگ )

وێنەی 3 : بۆ کۆتایی هەمو شتێك .

( وێنه .. ڤیژه .. شالاو .. زەنگ .. ئاوێنه )

**لەم چرکەیەدا جیهان چیایەکی ئاوه**

( بێدەنگی )

**دەکەوێته خوارەوه**

( هەناسەدان و بێدەنگی )

**دەبێته کۆشکی ئەوانەی کە کاولی دەکەن .**

(وێنه .. تیشك دانەوه )

**زەرادەشت : خۆتان لەو گەرداوه بپارێزن .. بڕوا بەو بونه بکەن کە ئێوەی دۆزیوەتەوه .**

( تورەیی .. هاوار )

**ژیان ئەو پلەیەیە پێویستی بە شۆردنەوه هەیە ..**

( وێنه .. شەپۆل .. ئاوێنه .. تیشك )

**وێنەی 1 : کەواتە خواوەند دەبێتە سەرکردەیەکی خوێن ڕێژ .**

**وینەی 3 : کێ دەڵێ بیری لەشتی وا کردۆتەوه .**

( هاوار .. وێنه .. سەما .. شالاو .. ئاوێنه .. بروسکه )

**ئەگەر خواوەند هەبێت وشەی وا قەدەغە ناکات .**

( بێدەنگی )

**وێنەی 2 : گەورەم جوان سەیری پەیامەکەت بکەرەوه .**

( بێدەنگی )

**ڕەنگە بەهەڵەدا چو بیت ؟!**

( وێنه .. تیشك .. بروسکه )

**وێنەی 4 : ڕەنگە بەکارەساتە خوێناوییەکان مەست بو بیت؟ .**

( هەناسەدان و بێدەنگی )

**توشی سزایەکی خواوەندی بوه .**

( وێنه .. ئاگر .. گڤە .. فرمێسك .. هاوار )

زەرادەشت : گومان و دڵە راوکێ هەمو شتێکیان پێ بزر کردوم .. لەم چرکە نەفرەتییەدا زەنگی کۆتایی جیهان گوێیەکانم خاموش دەکەن .. ئەوا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی باوەڕیان بەو کرداره خواوەندییه نییه .. نەفرەت دەکەن ..

( تورەیی .. گریان )

خەریکە توشی تاوان دەبم .. ئۆف .. ئۆف ..

( وێنه .. سەرسامی .. تیشك )

وێنەی 1 : ئەمڕۆ نەفرەت لەمردن دەکات ..

( بێدەنگی )

مەرگێك نەوەیەك لەدوای خۆی بەجێ نەهێڵێ

( وێنه .. سێکس .. مەمك گوشین )

گەورەم سەیر بکه چەندە لەزەت کەوتە لەشییەوە دەشنێتەوە .. مردن بۆ؟

( وێنه .. هەزاران دەنگ .. سەما .. تیشك )

مەرگێکی بێ ژیانەوە کۆتایی بون ..

( هاوار ..تورەیی..زەنگ.. بروسکه )

زەرادەشت خۆت لەسێدارە بدە ..

( تورەیی .. وێنه .. شالاو .. بروسکه .. هاوار )

تۆ گوناهباریت .. ئەم ژیانه خۆشه دەسوتێنی

وێنەی 3 : کوا نێرینەیەك ؟.. سکم کێڵەگەی چاوەڕوانی تۆوە .. پوکامەوە ..

( هاوار .. وێنه . سێکس )

کێ لەئێوە نێرە بابێت لەگەڵما جوت ببێت ؟.. یا ببینه یەك جەستە؟ ..

( وێنه .. ڕاکشان .. سێکس .. تلانەوە .. راکردن )

زەرادەشت : خوایه پەیام .. جیهان لەسەرە مەرگدایه .. کۆتایی دەوێت .. کوا نەفخی سور؟ ..

( وێنه .. زەنگ .. قریشکه .. قیژە .. هاوار .. شالاو )

بۆ .. بۆ ؟..

( قیژە .. هاوار .. شالاو )

بۆ .. بۆ؟ .. تۆ ناپاکیت ..

( زەرادەشت پەل و پۆی دەجولێت .. پاشەو پاش بەشالاوەوە دەڕوات )

ئۆف .. ملیۆنان مرۆڤی ناپاك پەلامارم دەدەن پەیام .. خواوەند پەیام.. وا دەخنكێم .. پەیا ..

( شالاو .. وێنە .. دەنگ .. زەنگ .. بروسكە .. پەیام )

( بێدەنگی )

## بەشی سێیەم

( هاژە .. گڤە .. كڵپە .. زەنگ .. بروسكە )

زەرادەشت : گومان دەكەم .. ڕەنگە نەغرۆ بونی ئەم جیهانە ئەم پاشماوەیەی بەجێهێشتبیٚ ؟!

( لە ئاوەكە دێتە دەر .. دەچێتە لای ئاگرەكە )

بەڵیٚ ئەوساتە جیهان لە تەرازویەكدا بوە .. ئەوانەی كە ڕزگاریان بوە تەنیا خوا پەرستەكان بون..

( بێدەنگی .. هەناسەدان .. توڕەیی )

ئەم تۆوە بەد فەڕەی ئێستاشیان لێكەوتۆتەوە ..

( توڕەیی .. زەنگ )

مانای ژیان پاكژ نابێتەوە ؟..

( هاوار .. زەنگ .. بروسكە .. ئاوێنە )

لیتەیە .. لیتەیە ..

( دەنگ .. دەست و پە نجە .. كڵپە .. گڤە .. هاژە .. شالاو .. بروسكە .. ئاوێنە .. وێنە )

وێنەی 1 : ئێستا گومانت لەو تاوانەی نوح پەیدا كرد ؟..

( دەنگ .. وێنە .. سەما .. كۆرس )

دەزانیت شتنەوەی جیهان تاوانێكی گەورەترە لەوەی پێشو ؟..

**وێنەی 2 : تۆش دەتویست ئەوە دوپات بکەیتەوە ؟..**

**( بێدەنگی .. هەناسەدان .. تورەیی )**

**ئێستا بیرت کردۆتەوە .. هاتویتەوە سەرخۆت ؟..**

**( تیشك .. تاریکی .. بروسکە .. ئاوێنە .. وێنە )**

**وێنەی 3 : بێگومان لەو شێتیە ڕزگارت بوە ؟..**

**( بێدەنگی )**

**زۆر لە پەیام نێرەکان توشی ئەو حاڵەتە هەستریە دەبن .**

**( بێدەنگی .. هەناسەدان .. تورەیی .. تیشك .. وێنە )**

**فەرمو باسی ڕوداوی جەنگی پەیامەکەت بکە ..**

**( وێنە .. سەما .. کۆرس )**

**وێنەی 4 : نەکەی دو پاتی کارەساتی مێژو بکەیتەوە؟ .. ئەوە تاوانێکە لەمنداڵدانی هەزاران تاواندایە..**

**( بێدەنگی .. تیشك .. ئاوێنە )**

**لەبیرتە یەکەم جار پیاوێك باوەڕی پێ هێنایت ؟..**

**( بروسکە .. وێنە .. تیشك .. ئاوێنە )**

**وێنەی 1 : ئاوڕێك لەو گەشتە بدەرەوە ؟..**

**( بێدەنگی .. تاریکی )**

**ڕاپۆرتەکەت لەم کۆنفرانسەدا بخوێنەرەوە ؟..**

**( ئاوێنە .. گڤە .. هاژە .. بروسکە .. لەرزین .. وێنە )**

**وێنەی 2 : تۆ پەیامنێریت نابێت ئەم کەشکۆڵە بزربکەیت ؟.. خواوەند داوای ڕاپۆرتی جیهانت لێدەکات..**

**( بێدەنگی )**

**ڕاپۆرتی ڕاستی و ناڕاستی ..**

**( هاوار )**

**ڕاپۆرت .. ڕاپۆرت ؟ ..**

**( بێدەنگی )**

هەوڵی چارەسەرێکی هەتایی بدە ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان .. شەپۆل )

وێنەی 4 : مێژو ناوت دەخاتە پەڵەی تاوانبارانەوە .

( وێنە .. سەما .. پێکەنین )

وێنەی 3 : با لەلای خواوەندیش کۆشکی تایبەتیت هەبێت ..

( دەنگ .. وێنە .. ئاوێنە .. کۆرس )

زەرادەشت نەکەی ؟.. خۆت بزربکە ..

( بێدەنگی )

خواوەند تۆی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوەوە لە یادت نەچێت هەمو پەیام نێرێکی تاقی کردۆتەوە .

( دەنگ .. وێنە .. بروسکە )

زەرادەشت .. زەرادەشت .. زەر .. ا...

( وێنە .. ئاگر .. لەرزین .. ئاوێنە )

زەرادەشت : ئەو گەشتەم لەعەقلێکی تەواو دابڕی کردم .. ئێستا لەنێوان گومانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دەسەڵاتی خواوەندا لەکەوتنە خوارەوەدام .

(بێدەنگی .. هەناسەدان )

بەسەر سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتیدا چومەوە .. پەیامەکان بەکۆتایی ژیان تەواو دەبن ..

( بێدەنگی )

سەیرە .. سەیرە ..

( ئاوێنە .. وێنە .. بروسکە .. کلپە .. گڤە .. هاژە )

وێنەی 1 : چونکە پەیام نێرەکان ناتوانن ڕاستی نیشان بدەن ..

( بێدەنگی .. هاوار .. هەناسەدان )

پەیام ئەفسانەی ژیانە .

وێنەی 2 : مرۆڤ لەهەمو کاتێکدا بەدوای ڕاستیدا وێڵە .. دیارە چاویان پێی نەکەوتوە .. پەیامەکان شاراوە بون ..

( وێنە .. سەما .. سێکس .. سوڕانەوە .. تلانەوە )

زەرادەشت : تف .. تف .. ژیانێکی بۆگەن .. مرڤێکی بێ ئابڕو .. سەیرە .. ڕاستیەکان فڕیـون .. فریشتەکان کۆچیان کردوە .

( سوڕانەوە .. وێنە .. ئاوێنە )

پێدەچێت من لەدۆزەخدا بم ؟..

( ئاوێنە )

کۆمەڵگا نەهاتنە سەر بڕوا .. سەرکەشن ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

خواوەندیش لەفەرمانەکانی خۆی دانابەزێت ..

( هاوار .. ڤیژە .. ئاوێنە .. وێنە .. بروسکە )

( زەرادەشت بۆپێچی دوەم دەڕوات )

فریشتەکان بگەنە فریای پەیامی خواوەند ..

( دەنگ .. وێنە .. زنجیر .. بروسکە .. تاریکی )

دەنگی 1 : نەکەی نەکەی زەرادەشت ؟..

دەنگی2 : خۆت بخنکێنە ..

( تاریکی .. بروسکە .. دەنگ .. زنجیر )

دەنگی 3 : لەکەلەت دەدرێت .

( زنجیر .. تاریکی .. بروسکە .. دەنگ )

دەنگی 4 : تەوقی هەتایی دەخرێتە گەردنت ..

( لەرزین .. گەڕانەوە .. ئاوێنە .. زنجیر .. بروسکە .. وێنە )

زەرادەشت : ئۆف لەم کفنە نادیارە .. مردنێکی بێ مێژوە ..

( لەرزین .. بێدەنگی )

ژیان .. جیهان .. گەردون .. هەموی بەندیخانەیە ..

وێنەی 1 : دیسانەوە نامەی تاوانت دا بەتەتەری خواوەند ..

(وێنە .. سێکس .. کۆرس .. سەما )

سەیر بکەن من تازە عازەبم .. شیر لەمەمکەم دەچۆڕێت ..

( سەما .. کۆرس )

ئەمە كچێكە نەشمیلەیە .. سكی نەكردوە .. مێردیشی نییە .. ئایا دەخرێتە دۆزەخەوە ..

( وێنە .. كۆرس .. سێكس )

ئێمە نەفرەت بارانی ئەم تاوانە دەكەین كە لەسەر شانتە ..

( بێدەنگی و هاوار )

لەبری پاڕانەوەت بۆ خەڵكی پەیامەكەت كردوە بەنەغرۆ بونیان .. بۆتە ئالآی نەمان ..

( هاوار .. هەناسەدان .. تیشك .. وێنە .. ئاوێنە )

زەرادەشت : چارەسەری گشت كێشەیەك تەنیا پەیامە ..

( سوڕانەوە .. تووڕەیی )

خەڵكی دژی پەیامن .. دژی خواوەندن ..

( هاوار )

خوا پەیامی خۆی دەوێت ..

( بێدەنگی .. وێنە .. ئاوێنە .. دەست و پە نجە )

وێنەی 4 : من چەند منداڵێكم بوە .. هیچیانم نەدیوە ..زەرادەشت پەیام تاوانبارم دەكات ..

( كۆرس ..سەما )

وەرادەشت : ئێستا دەزانم ئێوە لە پێش باوەڕتانەوە ناو ونیشانتان ون كردوە ..

( هاوار )

تۆ هیچ گوێ بە پەیامی خواوەند نادەیت ..

( وێنە .. ئاوێنە .. تووڕەیی )

كوا پۆشاكەكانتان .. گلاَون .. دۆزەخ جێگەتانە ..

وێنەی 3 : پارچە قوماشێك لای بازرگانێكی ئەم گەردونە چنگ دەكەوێت هەتا بیپۆشین ؟..

( كۆرس .. سەما .. وێنە ) بۆیە بەڕوتی هاتوینەتە بەردەمت هەتا پەیامەكەت ڕوانینـەكانمان بخوێنێتەوە ..

وێنەی 1 : دەبێت بزانیت بۆچی ڕوتین ؟..

( كۆرس .. سەما .. وێنە )

وێنەی 2 : ئەوە نهێنیەكە ئێمەش سەری لێ دەرناكەین ..



www.pertwk.com

**وێنەی 4 : حەزمان لەقوماشی ڕەنگا و ڕەنگە .. وەرە پەیام نێری ئەم گەردونە چەند تۆپە قوماشێکمان بۆ بهێنە؟ ..**

( **وێنە .. کۆرس .. سەما** )

**وێنەی 2 : ئێمە کۆچەری نیشتمانێکی قفلْ دراوین .. یاخود لەتیارۆ خانەیەکەوە فڕێدراوین ؟..**

**وێنەی 1 : دەبێت فریشتەی بەهەشتێکی گەردونی ژیان بین ..**

( **ئاوێنە .. وێنە** )

**وێنە ی 2 : پێدەچێت خاوەنی ڕوانینێکی گەورە بین ؟**

**وێنەی 3 : گەورەم بزانە ئێمە چین ؟.**

**وێنەی 1 : ڕەنگە ماسی ژیان بین و خواوەند بۆ جوانی دروستی کردبین ؟.**

( **سەما** )

**کێ دەڵێ لەحەوزی خوادا ناسوڕێینەوە ؟**

( **وێنە .. تیشکدانەوە .. ئاگر .. گڤە .. زنجیر .. خولانەوە** )

**وێنەی 1 : مێژو ئێستا سفرە .**

**وێنەی 2 : سفری ناو سەهۆڵ بەندانە .**

**وێنننەی 4 : سفرە لەدوای سفر و پاش سفرێکی تر .**

( **سەما .. سێکس** )

**وێنەی 3 : مێژو ئێستا هەناسەیەکی خنکاوە ..**

( **گڤە .. هاژە .. وێنە .. ئاوێنە .. زنجیر** )

**زەرادەشت : مێژو ؟.. من زەرادەشتم .. دوای چرکەیەکی دی کەسێکی ترم .. چرکەیەك لەمەوبەر نوح بوم .. مێژو شاراوەیە ..**

**وێنەی 1 : تەنانەت لای خواوەندیش .. سفرە .. سفرە ..**

**وێنەی 2 : ئەوەی لای ئەو ئاشکرایە لای مرۆڤیش ڕونە .**

( **زەرادەشت عەباکەی لەشانی دەگرێتەوەو بەدەرپێ و کراسەکەیەوە دەناڵێنێ** )

**زەرادەشت : بیرۆکەکان لەزیاد بوندان .. ژیان ئاڵۆزە پەیامەکەم شۆراوەیە ..**

( **ڕاکشان .. ڕاستبونەوە .. وێنە .. خولانەوە** )

**وێنەی نەفرەتی بزربن ..**

( وێنە .. دەنگ .. دەست و پە نجە .. قیژە .. بروسکە .. هاوار .. کڵپە .. هاژە .. بروسکە )

ئۆف خواوەند .. فریشتەیەکت ڕزگارم بکات ؟..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

خوایە سەرفرازی ..

( دەنگ .. وێنە .. ئاگر .. بروسکە .. ئاوێنە )

ژیان شێواوە . بروسکە گڕ و ئاو و هەوا هەڕەشە لەژیان دەکەن .. وێنە نەفرەتیەکان کاتی توانەوەتان هاتوە .. ئەوە ئاگر و با و ئا و .. بڕۆن .. بڕۆن ..

(وێنە .. دەنگ .. ئاوێنە .. زنجیر .. ئاگر )

ئاگر ببەرەوە بە فریشتەی خوا ئەم وێنە ڕوتانە بخەرە ناو دۆزەخەوە ..

(ئا وێنە .. بروسکە .. شە پۆل .. گڤە .. هاژە )

دەی .. دەی ..

( بێدەنگی .. هەناسەدان )

ڕاسپاردەی خواوەندی بەجێ بهێنن ..

( وێنە .. تاریکی .. با .. هاژە .. بروسکە )

ئەی با .. تۆ فەرمان بەرێکی خواوەندیت ؟..

( بێدەنگی .. تەزو .. هەناسە .. ترس .. لەرزین )

ئەم نەفرەتیانە بفڕێنە ..

( وێنە .. دەنگ .. بروسکە .. زنجیر )

وێنەی 1 : تۆ .. تۆ .. زەرادەشت لە پەیام لاتدا ..

وێنەی 2 : خۆت بەرە دەم با با بتفڕێنێ ؟..

( کۆرس .. سەما .. سێکس .. دەنگ )

وێنەی 3 : بمرە ..

وێنەی 4 : سزای خۆت بدە تا دادگا سزای نەداویت ؟..

وێنەی 5 : کوا پەیامەکەت .. ئێستاکاتی بەستنی کۆنگرەیە ؟..

( کۆرس .. سێکس .. سەما .. دەنگ )

وێنەی 6 : ئێمە لە ڕۆژگارێکی ڕوناکەوە هاتوین . پرسیار دەکەین ..

( كۆرس .. سەما )

پرسیار .. پرسیار؟..

وێنەی 7 : ڕاپۆرتی خواوەندت نوسیوە ؟..

وێنەی 8 : مرۆڤایەتی پەنجەی تاوانت بۆ دەگرێتەوە ..

( وێنە .. نێر .. مێ .. ڕوت .. پۆشتە .. سێکس )

زەرادەشت .. کوا .. کوا ؟؟

( دەنگ .. سەما .. کۆرس .. سێکس )

کوا .. کوا .. کوا .. کوا !

( زەرادەشت دەخولێتەوە .. مێشکی دەگوشێت )

زەرادەشت : با کە فریام کەوە .. وەرە سەر سەر ..

( دەنگ .. وێنە .. ئاوێنە .. بروسکە .. زنجیر )

ئۆف .. ئۆف ..

( هەناسەدان .. بێدەنگی )

ئەی ئاو تۆ پاك و پیسی ژیانت گرتۆتە ئەستۆ ؟.. ئەمانە ببە .. تاوانبارن ..

( تورەیی .. خولانەوە .. بروسکە .. وێنە .. دەنگ )

با .. با .. فریا بکەوە ..

( دەنگ .. وێنە )

دەنگی 1 : بگەڕێرەوە .. زەرادەشت تەمەنت کۆتاییە ..

دەنگی 2 : تاوان ..

دەنگی 3 : جیهانت لەدەستدا .. خوا دەتخاتە دۆزەخ ..

دەنگی 4 : پەیامەکەی خواوەندت شاردەوە ..

( دەنگ .. کۆرس .. سسێکس .. زنجیر )

ئاگر .. با .. ئاو .. سێ پەیامنێرەکەی خواوەند ..

وەرن .. وەرن ..

( وێنە .. دەنگ ..ئاگر .. ئاو .. با .. بروسکە .. شالآو )

گوێم کاس بو .. چاوم کوێربو .. زمانم بەسترا ..

( كۆرس .. وێنه .. دەنگ .. سەما )

وێنەی 1 : پاكێتی ..

وێنەی 2 : پەیام نێری گەورە پاكژ بونەوە .

وێنەی 3 : لێبوردن .

وێنەی 4 : ڕزگاری

وێنەی 5 : خواوەند تاقیت دەكاتەوە وریابە ..

وێنەی 6 : لەیادت بچێت دەفەوتێیت؟ ..

وێنەی 7 : مرۆڤێكی ئاساییت ..

وێنەی 8 : بیر لەژیانت بكەرەوە ؟..

وێنەی 3 : سەیر بكە ئەمانە بە پۆشتەیی لەناو ژیانەوە هاتون دەیانەوێت ڕزگارت بكەن ..

( سەما .. كۆرس )

هەڵەنەكەیت و جیهان بزرنەكەیت ؟..

( وێنە .. وێنە .. وێنە .. دەنگ .. وێنە .. دەنگ )

زەرادەشت : پاكژی ئاوەكە ، با .. ئاگر .. ئاو ..

مرۆڤ لەتاواندایە .. پاكژی ..

( هەزاران وێنە .. دەست .. قاچ .. دەنگ .. زنجیر )

لوتكەی چیای ئاو .. ئاو .. با ..

( بێدەنگی .. ئاو .. هاژەی با .. ئاو .. شەپۆل )

لەشم تەڕە ، ئای .. ئا ..

( هاوار .. گریان .. بروسكە .. زنجیر )

دەڕوا نمە شانۆی جیهان .. خوایە پاكژی؟..

( هەزاران وێنە .. پاشەو پاش ڕەتەڵ دەدات و دەلەرزێت )

نوقمی چیای ئاو دەبم .. پاك بونەوە ..

( وێنە .. شالاو .. دەنگ .. دەنگ .. زەنگ )

شەپۆلی چیای ئاو دام دەپۆشێت .. ئای .. ئای .. ئاو .. وێنەكان پاكژ بكە .. جیهان بشۆ..

( شەپۆل .. ئاو .. وێنە .. دەنگ )

**ژیان .. پاكژ .. پەیا ..**

( **ئاگرەكە كڵپە دەكات .. ئاو شۆڕ دەبێتەوە .. هەوا بەهێزتر دەبێت** ) .

( ... ) ( **بێدەنگی** ( ... )

( ... )

**لە گۆڤاری شاكاری ژمارە/9 ی 2000 دا بڵاو بۆتەوە .دواتر لەگەڵ ئۆقیانوسی مەرگەسات بەیەكەوە بڵاوم كردنەوە ..بۆیەش سەرلەنوێ تایپم كردەوە و وەك كتێبەكانی ترم هەر بە چاپی نوێ بڵاوی دەكەمەوە .تا بزانین فرمێسكی دەزگایەك بیانگرێتەوە كە بۆ رۆشنبیری كوردی دەرێژن**

.

**هونەرمەند عیمان محمد فیزولا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی كە كاك هۆشیار شێخ أنوریش ئوقیانوسی مەرگەساتی وەرگێڕا كەهەردوكیان جێگەی مشتو مڕ بون لە بواری عەرەبی بەتایبەتی لەلای د. صلاح قصب وچەندانی تر .**

**هیچ كەس و لایەنێك بۆی نیە بەبێ رەزامەندی نوسەر كار لەم دو دەقە دا بكات .هەرچەندە بەدزیەوە كاریان تیا كراوە و وەریشگێڕدراون ..بەڵام تەنیا لە راگەیاندنیش محروم كراون داوا لە دڵسۆزان دەكەم كە ئاگادارم بكەن لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن .. هەركەس كاری تیا كردون با تەنیا بزانین و هیچی تر.** 2007/8/29 **ئەنتەرنێتی شار**

**برای دڵسۆز بۆ رۆشنبیری كاك ( سەلمان فائق تۆفیق )بە خۆبەخشی سەر لەنوێ تایپی كردەوە**